# کۆماری کوردستان و خۆری زێڕینی کوردستان

**عومەر کەریم بەرزنجی**

-1-



دیرۆکی ئەم گەلە دیرۆکێکە پڕ لەقوربانی و بەرخۆدان, ئەگەرچی شکست پانتاییەکی بەرفراوانی ئەم دیرۆکەی داگیرکردووە, بەڵام پاش هەرشکست و هەرەس هێنانێك کورد بەجەسارەتەوە هاتۆتەوە مەیدان و خەونی داگیرکەرانی زڕاندووە, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحی بەرەنگاری و کۆڵنەدانی گەلی کورد, لاپەڕە پرشنگدارو بەخوێن نوسراوەکانی کورد گەلێك زۆرن, ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەربکەم, کۆماری کوردستانە, ئەو کۆمارەی مێژوویەکی پرشنگدارەو هەمیشە لە یادەوەریماندا ئامادەیی هەیە, لەساڵڕۆژی شەهید کردنی قازییەکاندا واتا 31/مارتی/1947 وەك وەفادارییەك بۆ گیانی ئەو نەمرانەی زۆر لەخۆبوردووانە گیانین کردە قوربانی نیشتمان چەپکێك وشە چەپکێك گوڵی وەفاداری پێشکەشی پێشەواو قازییەکان دەکەم.

-2-

گیاکەڵەی خیانەت, ریشەیەکی قوڵی هەیە لەجەستەی کورد دا,هەر بۆیە دەکرێ لەباسکردنی شکستەکانماندا چەنێك دووژمنەکانمان تاوانبار دابنێین دەبێ پتر خیانەتکارانمان تاوانبار بکەین, ئەگەر دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ, بەڵام کورد زۆرجار پوازەکەی لەخۆی بووە هەربۆیە بەو چارەنووسە گەیشتووە هەربۆیە پێشەوا لەوەسێتەکەیدا دەنوسێ ( بۆ خاتری خودا پێتان دەڵێم“ یەکتر بگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن, دڵنیابن ئەگەر داگیرکەران هەنگوینتان بداتێ, دیارە ژەهری تێکردووە, ئەگەر سەرانی هۆزو عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردباو خۆیان بەحکومەتی رەزاشا نەفرۆشتبا“ ئێمەو ئێوەو کۆمارەکەمان“ وای بەسەردا نەدەهات ) پەرتەوازەیی و ناتەبایی گەلی کورد, فاکتەرێکی هەرە سەرەکی شکستەکانمانە, هەرچ کاتێك کورد تەباو یەك دەنگ بێت سەرکەوتنی مسۆگەرە یەکدەنگی و یەکبوونی گوتاری نەتەوەیی واتە کۆکردنەوەی دەنگ و رەنگە جیاوازەکان لەژێر یەك چەتردا سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکات, پەرتەوازەیی و ناتەبایش شکستمان بەسەر دێنێ, لەهەموویشی گرنگتر هەڵکەندنی رەگ و ریشەی خیانەتکاریە هەربۆیە (بێکەس) دەڵێ:

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە

دوودڵن, پیسن لەگەڵ یەك بۆیە وا بێ لانەیە

لەو ماوەیەی تەمەنی کۆماردا, زۆرێك لە سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکان نامەی وەفادارییان بۆ دەرباری شا نووسیوە ( لەهەمووی سەیرتر پەیوەندی عومەر خانی شکاکە بەدەربارەوە کە لەو ماوەیەی لە سەقزو دەوروو بەری“ عومەر خان ئامیرهێزی لەشکری کۆماری کوردستان بووە“ نزیکەی "17" نامەی بۆ دڵنیا کردنی دەرباری شا لەدڵسۆزی خۆی بۆ شای ئێران ناردووەو خۆی بەسەربازی دەرباری شای ئێران ناساندووەو بەرهەڤی بەجێگەیاندنی ئەرك و فەرمانی دەرباری لەخۆی نیشان داوە) هەروەها ( جێگەی ئاماژەپێکردنە کە سەرداری دیبۆکری عەلی یار لەیەکێك لەو نامانەدا چۆنیەتی چوونیان لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد دا بۆ باکۆو ئازەربایجانی روسیاو کۆبوونەوەکانیانی بێ کەم و کورتی و بەتێروو تەسەلی بۆ دەرباری شای ئێران نوسیوەو ئەوانی لێ ئاگادار کردۆتەوە ).

-3-

سەرجەم رۆژەکانی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان، لاپەڕەی زێڕینن لەدیرۆکی کورد دا، ئەوەی لەهەمووی زیندووترە لەزاکیرەی مندا هەڵوێستی جوامێرانەی قازییەکانە لەکاتی دادگایی کردنیانداو بەر لەسێدارەدانیشیان لەکاتی دادگایی کردنیاندا قازی دادستان بەتوڕەییەوە لەبەرامبەر پێشەوادا دەڵێ: ( کوردان سەگ سفەت؟!) قازی بەڕووی دادستاندا هەڵدەپژێ و دەڵێ: ( سەگ و بێ شەرەف و بێ ئابڕوو، ئێوەن" کە هیچ سنورێك بۆ خۆتان و بۆ خەڵك و یاسا دانانێن، ئاخر بێ شەرەف" ئەتۆ هەر دەتوانی بڕیارێك کە ئەو بێ شەرەفەی دیکە داویەتی" جێبەجێ بکەی" لەوەزیاتر هیچ هەڵەیەکی دیکەت لەدەست نایە، من لەزووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە و بەباوەشی ئاوالاوە" ئەوەی کە بێتاوانم و لەڕێگەی ئازادی میللەتەکەمدا دەکوژرێم، ئەمە بەرەحمەت لەلای خودا بۆ خۆم دەزانم، شانازی بەو مردنە مەردانەیەوە دەکەم ) هەوەها ( سەروان کیو مەرس سالح ) دەنووسێ ( من لەزۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازی و بەدەویدا وەك هەواڵنێر بەشداریم کردووە، ئەوکاتەی کە هەواڵنێری ماه نامەی ئەرتەش بووم، بەلام هەرگیز هیچ کەسێکم بەڕادەی قازی محەمەد بەجەرگ و بوێر نەدیوە) سەیفی قازیش لەکاتی دادگایی کردنیدا دادوەر دەیەوێ توڕە بێت ئەویش مشتی خۆی گرێ کردووە و بەسەرهەنگی ( واتە دادوەر) نیشانداو پێی گوت:
( بەم مستە سەروگوێلاك و دەموو ددانت دەشکێنم" ئاخر لە مەرگ زیاتر کە ئاواتی ئێمەشە" چی تر هەیە، یەك ملیۆن درۆو بوختان و قسەی قۆڕو شتی دیکەی بێ واتاتان بۆ دروست کردووین" ئەوجا خەریکن غەڵەت و ناماقووڵی زیاتریش دەکەن! )
جەربەزەیی و بوێری و لەخۆبردویی سیفەتی ئەم پیاوە مەردوو ئەم ئەستێرە پرشنگدارانەی دیرۆکی کوردایەتی بوون، هەر ئەو سیفەتانەشە بەنەمری ئەم پیاوە تێکۆشەرانەی هێشتەوە.